# له پێناوی دەستورێك بۆ هەمووان

## خوێندنەوەیەکی یاسایی بۆ ڕەشنوسی پرۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان

دانا دارا حسین

ڕاوێژکاری یاسایی پەرلەمانی کوردستان

٢٠١٤

بەناوی خوای گەورە

جگە لە شانشینی بەریتانیا ،سەرجەم دەوڵەت و هەرێمە فیدراڵیەکانی جیهان خاوەنی دەستوری تایبەت بەخۆیانن .

چونکە دەستور دایکی یاساکانە و چوارچێوەی یاسایی بۆ سەرجەم بوارەکانی ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگا ڕەنگ ڕێژ دەکات .

ئەم ڕەشنوسەی دەستوری هەرێمی کوردستان کە ئێستا لەبەر دەستە ، لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لەبەرواری ٢٠٠٩/٦/٢٤ دەنگی لەسەر درا و بڵاوکرایەوە .

لە ڕوانگەی باوەڕی تەواوم بەوەی کە هەرێمی کوردستان پێویستی بە دەستورێکی هەمیشەیی هەیە ئەمەش لە پێناوی دامەزراندنی دەسەڵاتێك کە ماناکانی ( الحكم الرشيد ) لەخۆ بگرێ و بە ئامانجی پەیڕەو کردنی سیستمێکی گونجاو لەگەڵ ڕۆحی سەردەم و لەپێناوی ئەوەی کە ئەم پڕۆژەیە بەشێوەیەك هەموار بکرێتەوەکە بگونجێ لەگەڵ داخوازیەکانی سەرجەم لایەنە سیاسیەکان وخەڵکی کوردستان بۆ چاکسازی سیاسی و ئیداری لەهەرێمی کوردستان وبەئامانجی ئاوێتە بونی فەزای سیاسی و فەزای کۆمەلایەتی ، بونی دەستورێکی پێشکەوتوو کە لە ناوەڕۆکەکەیدا ئەم چەمکانە لەخۆ بگرێت کە دیارترینیان بریتیە لە (سەروەری یاسا ، ماف و ئازادیەکان ،قوڵ کردنەوەی چەمکی هاولاتی بوون ......) .

هەروەها پڕۆژە دەستوری هەرێمی کوردستان شاکارێکی یاسایی وخەونێکی دێرینی هاولاتیانی هەرێمی کوردستانە، لەگەڵ ئەمانەش دا پڕۆژەکە خاڵی نیە لە سەرنج و کەم وکوڕی یاسایی و سیاسی .

لەم ڕوانگەیەوە خوێندنەوەیەکم بۆ پڕۆژە دەستوری هەرێمی کردوە و لە خوارەوە پوختەی سەرنج وتێبینیە یاساییەکانم دەخەمە ڕوو :

**یەکەم : سەرنجە پێشدەستیەکان :**

**١- دەستەی نوسینەوەی دەستور دەستەیەکی هەڵبژێردراو نەبوون لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە ئەمەش بەو شێوەیە کە پەیڕەو کراوە لە دانانی دەستور لە هەندێك وولاٌت دا کە پێویستە دەستەیەکی هەڵبژدراو(الهیئە التأسیسیە) هەڵبژێردرێن جا یاخود ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە یاخود لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە ئەمەش سیفەتی (صفە) دەدات بە دەستەکە، بەلاٌم ئەم ڕێکارە لە دانانی پڕۆژە دەستوری هەرێم پەیڕەو نەکراوە .**

**٢- پەسەندکردنی پڕۆژەکەو دەرچواندنی بە یاسا لەکاتێکدا بووە کە ماوەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان ڕوو لە کۆتایی بوو وە زۆر بەپەلە کار لە پڕۆژەکەدا کراوە کە بۆتە هۆی دروستبونی چەندین کەم وکورتی وناتەواوی .**

**٣- سەبارەت بەگەڕانەوەی پڕۆژە دەستوری هەرێم بۆ پەرلەمان و پێداچونەوەی کۆی پڕۆژەکە ، زەمانەتی ئەم گەڕانەوەیە بەیاسا ڕێك خراوە لە هەردوو :**

**- یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠١٣**

**- بڕیاری ژمار(٢)ی پەرلەمان ، ئەو ئەرکەی خستۆتە سەر پەرلەمان کە بەزووی کار بکات بۆ گەڕانەوەی پڕۆژە دەستوری هەرێم .**

**٤- دیباجەی دەستورەکە دەستکاری قوڵ بکرێت ، چونکە هەندێك لە دەستوری ولاٌتان پێشەکی نییە ، یاخود وەك ماددەیەکی دەستورەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ، پێویستە دیباجەی پڕۆژەکە کورت بکرێتەوە بە شێوەیەك ئەوەی لەناو پڕۆژەکەدا گرنگە لەچوار چێوەی مادەیەکی یاساییدا ڕێك بخرێت .**

**هەروەها بەستنەوەی سنوری ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان بە ئایندەی جێ بەجێ کردنی مادەی ١٤٠وە لە دەستوری هەمیشەیی عێراق هەڵەیەکی گەورەیە لەلایەك چونکە مادە یاساییەکە کاتی تەواو بووە وە لەلایەکی تر کوردانی ئەوناوچانە نیگەران دەکا .**

**٥- ئاستی دارشتنی ڕەشنوسەکە بەزمانی کوردی زۆر گونجاونیە لەگەڵ شێوازی دارشتنی دەقی دەستوری پرۆژەکە زیاتر زمانی نوسینێکی ئەدەبی بەسەریدا زاڵە کە ئەمەش لەئاییندەدا کێشەی یاساییمان بۆ دروست دەکا بەتایبەت لەکاتی دارِشتنی یاساکان لەپەرلەمان یاخود شرۆڤە کردنی ( تفسیر ) ( دەقە دەستوریەکان ).**

**٦- دارِشتنەوەی خالّبەندی دەستورەکە لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆری زمانەوانی بکرێتەوە وە بە ئامادەبونی پسپۆرو شارەزایانی یاسایی بە ئەزمون.**

**٧- ئەم پڕۆژە دەستورە وا دارِێژراوە کە کوردستان لە قۆناغی ( ڕزگاری نیشتیمانی) رزگاری بوبیَ وە کێشە نەتەوەییەکانی وە هەروەها مەترسی داگیرکاری لەسەر نەبێت کە ئەمە لە خودی خۆیدا لاساییکردنەوەی دەوڵەتانی فاشیلە نمونەیان وەکوسیستەمە عەرەبیەکان لە ناویاندا ئەزمونی دەستەلأتداریێتی فەلەستین کە بۆخۆی ئەزمونێکی سەرنەکەوتوە و پێویست بوو لە پڕۆژەکەدا کاریگەر بوایە بە ئەزمونی وولاَتی کۆسۆڤا وەتەیموری خوارو کەئەوان لەو قۆناغەدابون و پەیوەندی نێوان دەسەلأتەکانی سەرۆکایەتی و دەسەلأتی پەرلەمانیان وەکوهەرێمی کوردستان بوو.**

**<u>دووەم : سیستمی سیاسی هەرێم لە پڕۆژەکەدا :</u>**

**سیستمە سیاسیەکان جۆراوجۆرن و هەریەکەیان لایەنی باشی و خراپی خۆی هەیە ، واتا حەرام نییە لایەنەکان و شەقامی کوردی دابەش بن بەسەر پشتیوان یاخود دژی یەکێك لە فۆرِمی سیستمە سیاسیەکان بۆ پەیرِەو کردنی لە دەسەلأتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دا .**

**١- لەمادده یەکی پڕۆژەکەدا پێناسی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستانی وەها کردووە کە سیستەمێکی پەرلەمانی یە بەلأم کە دەچینە ناو مادەکانی دەستورەکە زیاتر مەیلی بەلای سیستەمی سەرۆکایەتی دایە ، ئەم حالّەتەش وەکو (فوقەهای فیقهی دەستوری ) دەڵێن ئەم سیستەمە دەناسرێتەوە بە (سیتەمێکی تێکەڵ ) ( المختلط ).**

**٢– هەروەها سیستەمەکە پەرلـەمانی یە کەچی لـە بەرامبەردا سەرۆك لـەلایەن دەنگدەرانەوە بە دەنگدانێکی گشتی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت ئەمەش بەنیسبەت مەرجەکانی سیستەمێکی سەرۆکایەتی یەکناگرێتەوە لـەگەڵ سیستەمی پەرلـەمانی .**

**٣– هەر لـەهەمان مادەدا لـەپڕۆژەکە ووشەی ( کۆماری ) بە کارهاتووە لـەکاتێکدا هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیە لـە چوار چێوەی عێراق دا دەمێنێتەوە.**

**٤–  پڕۆژە دەستورەکە تێکگیران دروست دەکات لـەگەڵ دەستوری هەمیشەیی عێراق لـەم ڕوانەوە:**

**– سیستەمی دەسەلآت لـەهەرێمی کوردستان .**

**– زۆری دەسەلآتەکانی سەرۆك .**

**٥– کەواتە دەتوانیین بلـێین بە هەموو (مزایا و عیوبە )کانی سیستمی پەرڵـەمانی ، لـەکاتی ئێستادا ئەم سیستمە باشترین و گونجاوترین سیستمە بۆ حوکمڕانی لـە هەرێمی کوردستان .**

**سێیەم /پێگەی ئاین لـە پڕۆژە دەستورەکەدا :–**

**پڕۆژەکە بەهەمان ڕێچکەی دەستوری عێراقی فیدراڵ ، پڕەنسیپەکانی ئاینی ئیسلام و دیموکراسی پێکەوە باس کردوە واتا پێگەی  ئاینی ئیسلام لـەپڕۆژەکە دا زۆر شەرمنانە باسی لـێکراوە ، لـەکاتێك دا ئەو دەنگەی کە لـە شەقام دا زاڵە ئەوەیە کە دەستورێکی مەدەنی بۆ هەرێم بنوسینەوە .**

**مادەی شەشەم لـە پڕۆژەکەدا هەموار بکرێت بەم شێوەیە :–**

**(ئەم دەستورە دان دەنێت بە ناسنامەی ئیسلامی زۆرینەی گەلی كوردستان و ڕێزی لێدەگرێت ،وە دان دەنێت بە مافی كەمە ئاینیەكانی تر وەك یەزیدی و مەسیحی  كلدان وە دان دەنێت بە سەربەستی بیرو باوەڕ و بەڕێوەبردنی ڕێورەسم و داب ونەریتی ئاینیان لە هەرێمی كوردستان، بنەماكانی شەریعەتی ئیسلام سەرچاوەی سەرەكی یاسادانانن لە هەرێمی كوردستان دا وە  نابێت یاسایەك دابنێرێت كە پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم بنەمایانەدا  یاخود ناكۆك بێت لەگەڵ بنەماكانی دیموكراسی وەهەمو ئەو ماف و ئازادییە بنەڕەتیانەی لەم دەستورە داهاتوون ) .**

**چوارەم / پێگەی سەرۆك لە پڕۆژەكەدا و زۆری دەسەلاّتەكانی :**

**ئەگەر بڕیاربێت سیستمی دەسەلاّت لە هەرێمی كوردستان سیستمێكی پەرلەمانی بێت وەك لە مادده (١) پێناسە كراوە ، ئەوا ئەم دەسەلاّتە زۆرانەی سەرۆكی هەرێم زۆرن و دەبێت دەستكاری بكرێت ، وەك :**

**١- پالاّوتنی ئەندامانی دادگای دەستوری وەك ئەركی سەرۆكی هەرێم دیاریكراوە و مەرسومی هەرێمیش هەر لەلای ئەوەوە بۆیان دەردەچێت .**

**٢- سەرۆكی هەرێم كەسەرۆكی بالاّی دەستەلاّتی جێ بەجێكردنە، لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت نەك ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵكەوە.**

**٣- سەرۆكی هەرێم پێویستە لە بەرامبەری دەستەلاّتێك دا بەرپرس بێ و ملكەچی لێپرسینەوە بێ .**

**نەك وەك ئەم پڕۆژەیە كە سەرۆك كەس ناتوانێت لێ پێچینەوەی لەگەڵ بكا جگە لە ئەندامانی بالاّی دەستوری كە ئەویش ئەندامەكانی لەلایەن خودی سەرۆكەوە پێشنیار دەكرێن پاشان مەرسومیان بۆ دەردەكرێ .**

**٤- لەپڕۆژەكەدا سەرۆك دادگایی دەكرێت بەلاّم باسی(عزل) نەكراوە وە ئایا بەچ ئیجرائاتێك ئەو عەزلە دەكرێت .**

**٥- واباشترە سەرۆكی هەرێم مافی پێشكەشكردنی پڕۆژە یاسای نەبێت بەڵكو تەنها پڕۆتۆكۆلی بێت.**

٦- سەرۆك دەسەلاتی (عزل) ی وەزیرەكانی نەبێت بەلكو تەنها پەرلەمان (عزل) ی وەزیر بكا ئەویش بە ( سحب الثقة ) .

٧- ڕاگەیاندنی حالەتی لەناكاو( الحالة الطوارئ ) وەك ڕێوشوێنەكانی ناو دەستوری هەمیشەیی عێراقی لێبكرێ .

٨- ئەنجومەنی ئاسایش لەڕووی مەرجەعەوە بخرێتەوە سەر ئەنجومەنی وەزیران وە لە دەستەلاتی سەرۆكی هەرێم نەمێنێ.

٩- مادەی (٦٤) لە پرۆژەكە لابردرێت یان هەموار بكر ێت بەشێوەیەك كە گونجاو بێت .

١٠- ئیدانەی سەرۆكی هەرێم لە دەستەلاتی محكمەی دەستوریە كە دەبێت بڕیارەكە بەزۆرینە بێت، ئەم زۆرینەیەش بەو پێیەی ئەندامانی دادگاكە لەلایەن سەرۆكەوە پێشنیار دەكرێن هەرگیز نایەتە دی .

١١- پێشنیار دەكەم ئەو كەسەی بۆ سەرۆكی هەرێم هەلدەبژێردرێت ئیستیقالە بدات لە پۆستە حیزبیەكەی .

١٢- سەرۆكی هەرێم ئەگەر مخالەفەی كرد بە تاوانی(جینایە) بۆی هەژمار بكرێت.

<u>پێنجەم / سەبارەت بەدەسەلاتی جێ بەجێ كردن :</u>

١- سیستەمی بەڕێوەبردنی پارێزگاكان سیستەمی مەركەزی توندە وە تیایدا پایتەختی هەرێم دەستەلاتی بەسەر سەرجەم پارێزگاكاندا زالە، پێویستە بالانسی دەستەلاتەكان دەستكاری بكرێت بەشێوەیەك سیستەمی بەڕێوەبردن لە هەرێم دا لەڕووی ئیداریەوە بكرێتە (لامەركەزی ڕاستەقینە ).

٢- لە پرۆژەكەدا پەیوەندی نێوان( ئەنجومەنی پارێزگاكان) و ( ئەنجومەنی شارەوانیەكان) دیارنیە كە پێویستە ئەم ڕۆلە ئاماژەی پێبكرێت.

**شەشەم / مافە سیاسی و مەدەنیەکان لە پرۆژەکەدا :**

**١– دەستەواژەی ( پارتی تابعی بەرژەوەندی بیانی) مانای چیە ؟ پێشنیار دەکەم ئەم دەستەواژیە لابربدرێت.**

**٢– لە پرۆژە دەستورەکەدا بەهیچ شێوەیەك باسی ئۆپۆزسیۆن نەکراوە، لە کاتێکدا لە دەستوری عورفی ( بەریتانیا )دا هاتوە کە بونی ئۆپۆزسیۆن شانبەشانی دەسەلاَت هەردووکیان پێکهێنەری سیستەمە سیاسیەکەن.**

**٣– مادەی (٧) لە پرۆژە دەستورەکە دا مافی چارەی خۆنوسینی باسکردووە، بەلاَم (مافی جیابونەوەی ئیختیاری) باسنەکراوە پێویستە بۆی زیاد بکرێت.**

**٤– مادەی(٣٥) لە پرۆژەکەدا مافی ئۆتۆنۆمی داوەتە کەمینەکان پێشنیار دەکەم ئەم مافە بۆ هەرێمێکی وەکو کوردستان کە ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ( ٦ ) ملیۆن کەس وە ژمارەی ئەو کەمینانەش ناگاتە چەند سەد هەزارێك بە دروستی نازانم ئەم مافە یان پیَ بدرێت.**

**٥– لە پرۆژە دەستورەکە ژمارەیەکی زۆر لە مافە سیاسی و رۆشەنبیری و سیاسیەکان ئاماژە پێکراوە کە ئەمە خالێکی ئیجابی ناو پرۆژە دەستورەکەیە، بەلاَم بەشێوەیەکی تێکەلَ هاتووە پێویستە پێداچونەوە بە رێکخستنی دابکرێت.**

**٦– لە پرۆژەکەدا کەمترین پانتایی لەسەر ماف و ئیمتیازاتی ناوچە دابڕێنراوەکان کراوە .**

**٧– لە دەروازەی دووەم لەبەشی مافە شارستانی و سیاسیەکان بەشی زۆری ئەو مافانە لەجاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ هاتون پێویستە سەرەتا ئاماژە بکرێت کە هەرێمی کوردستان پابەندە بە هەموو مافەکانی جاڕنامەکە وەپاشان ماددەکان باس بکرێن.**

**حەوتەم /سەرنجەكان لـەسەر دەسەلآتی دادوەری لە پڕۆژە یاساكەدا :-**

**١- لە پڕۆژەكەدا تەشكیلاتی تازەی دەستەلآتی دادوەری دیاریكراوە بەشێوەیەك داواكاری گشتی خراوەتە سەر ئەنجومەنی دادوەری ئەمەش خالێكی ئیجابیە لـەڕووی چاكسازی لـە دەستەلآتی دادوەری لـە هەرێمی كوردستان،بەلآم دەستەلآتی دادوەری بەم دەستەلآتانەوە لاواز دەردەكەوێت بەرامبەر بە دەستەلآتەكانی تر.**

**٢- هەرچۆن ئەنجومەنەكانی( وەزیران،پەرلـەمان) سەرۆكیان هەیە، پێویستە ئەنجومەنی دادوەریش سەرۆكی هەبێت وە چۆنیەتی دانانی ئەم سەرۆكە لـەپڕۆژە دەستورەكەدا ئاماژەی پێبكرێت.**

**٣- ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و( ٧) ئەندامەكەی دادگای دەستوری ، تەنها لـە بەردەم سەرۆكی هەرێم سوێند بخۆن وە پێشنیاركردن و دیاریكردنیان تەنها ئەركی ئەنجومەنی دادوەری بێت .**

**٤- (قضاء الواقف) كەبریتی یە لـە پارێزەران كە تەواوكەری كاروباری دادوەریە لـە یاسادا بە هیچ شێوەیەك لـە پڕۆژەكەدا باس نەكراوە.**

**٥- دەستوری بوونی یاساكان وگونجاویان لـە ئەنجومەنی شورا سەندراوەتەوە وەدراوە بە دادگای دەستوری هەرێم ئەمە خالێكی ئیجابیە.**

**٦- مادەی (١٠٠) لـە پێناسی داواكاری گشتیدا بنوسرێ:( داواكاری گشتی نوێنەری كۆمەڵگایە ) بۆ بەرگری كردن لـە داد پەروەری و پاراستنی ڕەوایی وسیستەمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی هەرێم.**

**٧- وەك چۆن داواكاری گشتی لـەوەزارەتی داد خراوەتە سەر ئەنجومەنی دادوەری بەهەمان شێوە ئەنجومەنی شورای هەرێمیش بخرێتەسەر ئەنجومەنی دادوەری.**

**هەشتەم / سەرنج لەسەر ماددەکانی تری پڕۆژەکە :**

**١- مادەی (٤) لەپڕۆژەکە دەستورەکەدا لابىردرێت چونکە لە مادەی(٥٢) بڕگەی سێیەم دەقێك بەو مانایە هەیە .**

**٢- بڕگەی (١٨) لە مادەی (١٩) کە ئازادی حیزبە سیاسیەکان دەخاتە مەترسیەوە لابردرێت تەنها ناوەرۆکی بڕگەی (١) لەهەمان ماددە بمێنێتەوە.**

**٣- لە مادەی (٥٢) لەگەڵ ووشەی کەم ئەندام ( خاوەن پێداویستی تایبەتی ) بۆ زیاد بکرێت.**

**٤- بڕگەی سێیەم لە مادەی (٢) پێچەوانەی دەستورە لابردرێت باشە.**

**٥- مادەی (١٥) لەپڕۆژەکە دا کەتیایدا هەرێمی کوردستان پشت بەسیستەمی ئابوری و بازاڕی کێبڕکێ دەبەستێت، پێویستە پسپۆڕانی ئابوری زیانەکانی تەبەنی کردنی ئەم جۆرە سیستەمە بۆ هەرێمی کوردستان ڕوون بکەنەوە پاشان بەشێوەیەکی تر سیاغە بکرێتەوە.**

**٦- هێزە چەکدارەکانی هەرێم هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ناگرێتەوە ، بەڵکو سەر بە وەزارەتی ناوخۆن وە هێزە چەکدارەکان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەن بەڵام لە پڕۆژە دەستورەکە دا دەزگای ئاسایش سەر بە سەرۆکی هەرێمن .**

**٧- لە مادەی (٣٢) بڕگەی دووەم دەستەواژەی ( رژێمی بەعس) بکرێت بە (رژێمەکانی عێراق) چونکە لە پێش بەعسیش دا ڕاگواستنی زۆرە ملێ ئەنجام دراوە.**

**٨- لە پرۆژەکە دا تۆمارنەکراوە کە چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست دەکرێت، وەچۆن نوێ دەکرێتەوە وە ئینتیمای چۆنە .**

**٩- لەکاتی تێك گیرانی دەستەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ لایەنەکانی تر کام دەزگای سەروتر لێکیان دەکاتەوە وە هەروەها سەرۆکی هەرێم ملکەچ دەبێ بۆکام ئەنجومەنی لێپرسینەوە.**

١٠- مادەی(٤٣)لە پڕۆژەکەدا هەموار بکرێتەوە و لە کۆتاییدا بنوسرێت ( لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی فراکسیۆنەکان) بۆ زیادبکرێت، بۆ ئەوەی دەستەی سەرۆکایەتی دابەش بێ بەسەر فراکسیۆنەکان بەپێی ڕێژەیی کورسیەکان.

١١-مادەی (٥٣) بڕگەی (١٤) ڕێژەی دەنگدان بۆ پەسەندکردنی سەرۆکی دەستە و کۆمسیۆنەکان لە زۆرینەی ڕەها بگۆڕێت بۆ ٣/١ ئەمەش بە ئامانجی پرەنسیپی تەوافقی نیشتیمانی.

١٢- مادەی (٨٨) و(٨٩) شوێنەکەیان نەگونجاوە بگوازرێتەوە بۆدوای مادەی (٢٢) چونکە شوێنەکەی لەوێ گونجاوە.

دانا دارا حسین

ڕاوێژکاری یاسایی پەڕلەمانی کوردستان

٢٠١٤/٩/١٥